# چالاکیکانی ریکخراوی ئازادی ژن و ئەمنستی ئەنترناشناڵ و ڕێکخراوەی دژە نەژاد پەرستی لە سویسرا لە دژی رەشەکوژی ژنان لە عێراق وکوردستان سەرکەوتوانە کۆتای هات .

## سەردانی هۆزان محمود بۆ سویسرا

لە سەرداوای ئەمنستی ئەنتیرناشناڵ و ڕێکخراوەی دژە نەژاد پەرستی هۆزان محمود بەرپرسی دەرەوەی ڕێکخراوەی ئازادی ژن سەردانی سویسرای کرد. لە رۆژی 2007/06/15 لەبنکەی ریکخراوی دژی نەژاد پەرستی کۆریکیان بۆ هۆزان محمود ریکخست ، سەرەتا لە لایەن ئەنتۆنێلا بەخێرهاتنی هۆزان محمود و میوانەکان کرا ، دواتر هۆزان باسیکی لە ژێر ناونیشانی توندو تیژی دژبە ژنان لە عیراق و کوردستان پێشکەش کرد .

هەروەها لە رۆژی 17 .6 .2007 لەشاری زوریخ بە ئامادە بونی هۆزان محمود کۆبونەوەی نوینەران و دۆستانی ریکخراوەی ئازادی ژن ڕێکخرا لە کۆبونەوەکەدا بریار درا لە زوترین کاتدا بنکەییە ک بۆ ریکخراو بکریتەوە وە کارو چالاکیکانی ریکخراو لە سویسرا چالاک بکریەوە و
هەروەها کۆبونەوەی کشتی بکریت و لە وکۆبونەوەیەدا نوێنە رانی ڕێکخراوەی ئازادی ژن هەڵبژێردریت.

لە دوای کۆبونەوەکە بۆ ڕێزلێنان لە دوعا ی 17 سالە کە زۆر درندانە بەبەر جاوی دەسەلاتەوە بەردەباران دەکرێت 17 گوڵەیان خستە ئاوی بێلفي لە شاری زوریخ .

ئێوارەی هەمان رۆژ لە بنکەی کەسەمە کۆرێک بۆ هۆزان محمود بەزمانی ئینگلیزی سازکرا . سەرەتای کۆرەکە سەردار حامید بە خێرهاتنی میوانەکانی کرد دواتر هۆزان باسەکەی خۆی پێشکەش کرد و ئیشارەی بەشالاوی رەشەکوژی ژنان لە عێراق و کوردستان لە ژێر ناونیسانی قەتڵی ناموسی کرد بێدەربەستی دەسەلات لە بەرامبەر رەشەکوژی ژنان بە داڵدەدانی ژن کوژان بە تاوانێکی گەروە دایە قەڵەم هەروەها بەردەباران کردنی د و عا ی وەک نمونە یەک هێنایەوە کە جۆن 1000 دان کەس بە بەرجاوی پۆلیس و دەسەلاتەوە ئە وتاوانە گەورەیە ئەنجام ئەدەن و دەسەلاتیش هیج بەرپرسیەک لە خۆی نیشان نادات .
هەروەها لە قسەکانەدا گۆرینی بەندی 7 لە دەستوری هەرێمی کوردستان بەکاری هەرئێستا زانی.
داوای لە تەواوی ئامادەبوان و بەتایبەت ڕێکخراوی ئەمنستی و رێکخراوەکانی تر کرد فشار بۆ حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان بهینن تا ڕێگە نەدرێت لە وە زیاتر ژنان لە ژیر هیج بیانویەک بکوژرێن شایەنی باسە
لە گەڵ نیشاندانی چەندین وێنەی دۆکۆمێنت کە چۆن ژنان کۆشتار دەکێن و هەروەها وێنە هەلسورانی ریکخراوەی ئازادی ژن لە عێراق سەرنجی ئامادەبوانی راکێشاو کۆرەکە بەقسەو باسی ئامادەبوان کۆتایی هات

ڕۆژی 18.6.2007 لەشاری ستگاڵن کۆریکی تر لەلایەن ئەمنستی و ریکخراوە ی گابی بۆ هۆزان محمود ڕێکخرا ژمارەیەکی بەرچاو لە خەلکو نوێنەرانی ریکخراوەکانی سویسرا بەژدار بوون .
سەرەتا لەلایەن ڕێتۆ مۆرینتس بەرپرسی ئەمنستی بەخێراتنی هۆزان و ئامادەبو انی کرد و هۆی بانگهێشت کردنی هۆزان محمودی بۆ سویسرا گەراندەوە بۆ ئامانجەکانی هەردوو ڕێکخراو کە پارێزگاری کردنە لە ئینسان و ڕێزگرتنیی مافەکانیانە ،کە ڕێکخراوەی ئازادی ژن لە عێراق دڵسۆزانە خەبات ئەکات بۆ پارێزگاری کردن لە مافەکانی ژنان . لەلایەن سەردار حامید وە هۆزان محمود بەئامادەبوان ناسێندراو کۆرتەیەک لەسەر ژیانی هۆزانی بۆ ئامادەبوان باس کرد . دواتر هۆزان محمود بەسەکەی خۆی لەژێر ناوی توندو تیژی لەدژی ژنان پێشکەس کرد ، لە باسەکەیدا ئیشارەی بە هۆکارەکانی بیمافی ژنان کرد لە عێراق وکوردستان . نەبونی یاسایەکی مۆدێرن کە مافەکانی ژنان بپارێزێت و گۆرینی بەندی 7 لە دەستوری هەرێمی کۆردستان بەکارێکی گرنگ زانی . کۆشتنی ژنان لە ژێر هەرناوێکەوە ئەبێت کۆتایی پێبێت. داوای لە حیزب و ریکخراوەکانی سویسرا بەتایبەت ڕێکخراوەی ئەمنستی ئەنتێرناشنا ڵ کرد کە

پشتیوانی ڕێکخراوەی ئازادی ژن بکەن لە عێراق وفشاربهێنن بۆ حکومەتی عێراق وهەرێمی کوردستان تامافەکانی ژنان بەرەسمی بناسن و گۆشتنی ژنان لەژێر هەرناوێکەوەبێت وەک تاوان سەیربکرێت و تاوان باران بەسزای خۆ یان بگەن.
نیشاندانی وێنەی ئەو ژنانەی کە لەم ماوەکەمەدا کۆژراون وەک بەڵگەیک هێندرانەوە کە ژنان چ بێحورمەتێکیان پێدەکرێت . قسەکانی هۆزان و کارو چالاکێکانی ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عیراق چێگەی دڵخۆسی ئامادەبوان بوو.

**ڕێکخراوەی ئازادی ژن لە عێراق / سویسرا**

21.6.2007

**وێنەکان لە خوارەوە ببینە:**

**وینەی کۆبونەوەی شاری زوریخ**



**وینەی کۆبونەوەی نوێنەرانی ڕێکخراوەی  ئازادی ژن لە سویسرا**



17 گوڵ بۆ ریزلێنان له دوعای 17 ساڵه بۆ ناو ئاوی بێلڤی له زوریخ



